# گەلی کورد چی لە بەڕێز ئۆجەلان فێربووە؟؟

**سەفین عومەر**

ئەگەر قەبارە زلە کارتۆنییەکەی کەشتیی تورکیا ڕووە و شکست و پوکانەوەش چووە، ئەوا یەك هۆی هەیە ئەویش، شەڕی 15 ساڵەی بەرامبەر بە "پ ك ك" بووە. واتە ڕاستە کە ڕەوشی تورکیا لە زۆر بوارندا پوکایەوە؛ بەڵام پێویستە پێش بینی ئەوەش بکەین کە تورکیا بەمەبەستی ڕزگار بوون لەم قەیرانە، هەوڵ دەدا پەنا بەرێتە بەر هەر شێوازێکی محلی و بچوك و سوکەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بەگوێرەی تێگەی خۆی بگاتە وشکاییەك. واتە ئەوەش زۆر ڕاستە کە گوتویانە "مرۆڤ لە کاتی خنکانی نێو ئاو، ماریش ببینێ پەنای بۆ دەبا و دەستی بۆ دەهاوێژێ".

دیارە ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە لە دوا چارەگە سەدەی "20"مدا، تورکیا لە زۆر بواری وەك ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و هەتا سەربازیش ڕوو بەڕووی قەیرانی مەزنی جۆراوجۆر بووەوە. لەهەمان کاتدا زۆر کێشەی سەر داپۆشراویشی لێ دەرکەوتنە ڕوو و، زۆریشی هەوڵدا و، هێز و توانای جۆرا و جۆریشی خستە گەڕ مەبەستی پەرینەوە لەم کۆسپە، بەڵام بەمەرجێك کە بەگوێرەی ئارەزووەکانی خۆی بگاتە خاڵی کۆتایی.

تورکیا ماوەیەك هەوڵی دا کە بەهۆی ڕێبازی بەناو سۆسیالیستی گەلەکەمان فیرو بدا، بەڵام بۆی نەکرا، هەروەها بەڕێگەی کەسانی وەك مەلیك فورات و هاو شێوەکانی هەوڵی دا بە بیرۆکەی میلی گەرایی سەرەتاییش فریومان بدا، بەڵام دیسان بۆی نەکرا، لە ڕێگەی ئەربەکانەوە ڕێگەی موسڵمانێتیشیان تاقی کردەوە، بەڵام دیسان بۆی نەکرا، هەروەها لە ڕێگەی بلند ئەجەویدەوە بیرۆکەی سۆسیال دیموکراتیشیان تاقی کردەوە، کەچی لەمەشدا بۆی نەکرا. واتە تورکیا لە لایەك بەڕێگەی پاکتاوکردنی سەربازی و لە لایەك بەڕێگەی خەڵەتاندن بەردەوام هەوڵی داوە کە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشێ، بەڵام بۆی نەکرا و گەلەکەمان لە سەرۆك ئاپۆ تێگەیشت کە پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسیانەی ئازاد هەیە.

لە کاتێکدا ئەگەر تەنها یەك ڕێگە چارە بۆ ئەم کێشانە هەیە و، تورکیاش سۆز و پەیمانی داوە کە خۆی لەم ڕێگە نزیك نەکاتەوە. ئەوا ئاساییە کە ڕەوشی تورکیا وەك دەی بینین بۆتە هۆی تێك هەڵچڕژانی کێشە جیاجیاکانی لە نێو یەکتردا. شایەنی باسە کە ئەم ڕێگە چارەیەش تەنیا دان نانە بەمافەکانی گەلەکەمان.

ئەگەر سەرنج بدەین کە لە ئەنجامی گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی سەرۆکی گشتی "پ ك ك" دەستگیرکرا و ڕادەستی دەوڵەتی تورکیا کرایەوە و، لەمەشدا مەزندەی ئەوە دەکرا کە سەرۆك ئۆجەلان ببێتە هۆی شەڕێکی خوێناوی "سەد ساڵە"ی نێوان کورد و تورك، کە پلان و نیازی وڵاتە زلهێزەکانیش هەر ئەوەبوو. کەچی سەرەڕای ئەوەش سەرۆك ئۆجەلان توانی سەرەتا پلانی ئەم وڵاتە زلهێزانە و پاشان هی تورکان و پاشان هی داگیرکەرانی تری کوردستان و گشت دوژمنانی کورد ڤاڵا دەربخا. وە ڕێگە چارەیەکی تازەی دەرخستە پێش و گەلەکەشمان ئەم ڕێگە چارەییەی پەسەند کرد و، ئەوە بۆ نزیکەی چوار ساڵ دەچێ خەبات و تێکۆشانێکی زۆر دەکرێ بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەم ڕێگە چارەیە کێشەکان چارەسەر بکرێن. کەچی تورکیا سورە لەسەر پلانە کۆن و پڕ و پوچەکەی خۆی و، دیسان چەند کەسایەتیەکی تری دەرخستە ڕوو، گوایە لە ڕابردووی ئەمانەدا بەرامبەر بە گەلەکەمان دژایەتیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجام نەدراوە و، بتوانن وەك هیوایەك بۆ گەلی کورد و تورکی وەك فریاد ڕەسێك نیشان بدەن. هەر بۆیە ئاسان نەبوو کە لە کاتی خۆیدا بتوانرێ ئەم تاقمە بە درێژە پێدەری تاقمەکانی ڕابردوو ڕابگەیەندرێ.

من سەرەتا سەرەخۆشی خۆم ڕادەگەیەنم بۆ ئەوانەی هیوایان بەم تاقمە بەخشی بوو و هیواکەیان نەهاتەدی، وە پاشان دەڵێم با هارکەسێکیش دڵنیا بێ کە ئەگەر تورکیا ماڤی گەلەکەمان لە هەر شوێنێکیش پەسەند بکا ئەوا مەگەر بەمەبەستی پاکتاوکردنی شتی مەزنتر و گرنگترمانە، وە ئەگەر دان بە بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانیش بنێ کە لەژێر

www.kurdistannet.org

**چاودێری تورکمانەکان بەشداری ئیراقی فیدراڵی ئایندە بکەن ئەوا دیسان بەمەبەستی نکوڵی کردنی ڕاستیەکانە کە ئەویش داخوازێکی زۆر مەزنترمانە. چونکە تورکیا ئەگەر لەیەك ئاندا لە لایەك هەوڵ بدا بکەوێتە نێو یەکێتی ئەوروپا و لە لایەکی تر بەهۆی گۆشەگیرکردنی سەرۆك ئۆجەلان ئامادەکاری هێرشێك بکا، ئەوا تێڕوانینیان بەرامبەر بە خەباتی (ی ن ك، پ د ك) زۆر ئاشکرایە کە چییە و چی نییە، جا بۆیە پێوانە بۆ خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی ئەم دوو هێزە بێگومان مەگەر خۆیان دەستنیشانی بکەن، نەك من و هەرچ کەسێکی تر. بەڵام پێویستە ئەوانیش ئەو دڵەڕاوکێ و گومانەی ئێمە مانان هەست پێبکەن.**

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15

www.kurdistannet.org کوردستان نێت